Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.110303

# سێمانتیکی ئاماژە بەندی ، چەمك و تایبەتمەندییەکانی

هێژا کەمال محەمەد[١]، دارا حەمید محەمەد[٢]

١- بەشی کوردی، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | July, 2024 |
| Revised: | August, 2024 |
| Accepted: | September, 2024 |

**Keywords**

سێمانتیك، ئاماژەبەندی ، سەرچاوە ، کەتوار

**Corresponding Author**

dara.hamid@garmian.edu.krd

**پوختە:**

سێمانتیکی ئاماژەبەندی کار لەسەر پەیوەندی نێوان واتا و سەرچاوە دەکات، واتە واتا و پەیوەندییان بە شتەکانی کەتوارەوە، گرفتی ئاماژە و سەرچاوە و پەیوەندی نێوانیان کۆنە، لە فەلسەفەی گریکییەوە بەتایبەتی بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە هەتا ئەمڕۆ کاری لەسەر دەکرێت، هەربۆیە بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز و زۆرجار دژبەیەکیش هاتۆتە ئاراوە. بەڵگەی هەندێك لە زمانەوانان بوونی وشە بۆ سەرچاوەکەی دەگێڕنەوە بەتایبەتی لە دەنگە سروشتییەکاندا بۆ نموونە (کۆکە، قیرە، گرمە...تد)، بەو پێیە سەرچاوەی ئەو ناوانە دەنگەکانە لەسروشتدا، بەوەش سەرچاوە واتە شتەکە لە ژینگەدا مەرجە بۆ بوونی وشەکە، لەو دۆخەدا گرفتێکتر سەرهەڵدەدات، ئایا ئەگەر شت و دیاردەکانی سروشت سەرچاوەی وشەکانن؟ بۆچی ناوەکان جیاوازن بەپێی زمانە جیاوازەکان لەکاتێکدا سەرچاوەکان یەکن؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن کە لەرێی خستنەڕووی چەمك و تایبەتمەندییەکانی سێمانتیکی ئاماژەبەندییەوە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنیان دراوە .

## پێشەکی:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی(سێمانتیکی ئاماژە بەندی ، چەمك و تایبەتمەندییەکانی)یە، بواری توێژینەوەکە پەیوەندی نێوان واتا و سەرچاوەیە، بەو پێیەی سێمانتیکی ئاماژە بەندی وەك بابەتێکی سەربەخۆ لێنەکۆڵراوەتەوە، واتە گرفت و کەلێنێکە لە زمانەوانی کوردیدا، ئەم توێژینەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەکات، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی پێڕەوکراوە، کەرەستەی زمانیی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاستە، توێژینەوەکە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەدات:

1- مەبەست لە سێمانتیکی ئاماژە بەندی چییە؟
2- ئایا شتەکان سەرچاوەن بۆ ناوەکان؟
3- ئایا ناوەکان دەتوانن سەرچاوەیەك زیاتر بنوێنن؟
4- ئایا سێمانتیکی گرفت و کۆتوبەند دەکرێت؟

**پەیکەری توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، بەمشێوەیە:**

**بەشی یەکەم بەناونیشانی( ناساندنی سێمانتیکی ئاماژەبەندی)یە لە دوو پار پێکدێت**

**پاری یەکەم:** تایبەتە بە لێکدانەوەی زاراوەی سێمانتیکی ئاماژەبەندی

**پاری دووەم:** چەمك و ناساندن و شیکردنەوەی سێمانتیکی ئاماژەبەندی لەخۆدەگرێت

**بەشی دووەمیش تایبەتە بە سیما و تایبەتمەندییەکانی سێمانتیکی ئاماژە بەندی**

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، لەگەل ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان و خستنەرووی پوختەیەکی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

## بەشی یەکەم:

### پاری یەکەم: زاراوەی سێمانتیکی ئاماژەبەندی

یەکێك لە سیما و پێناسە دیارەکانی دانانی زاراوە، پێواژۆی دانانی ناوێکە بۆ دیاردەیەك ناونراوێك، یان گوزارشتکردنە لە خەسڵەتەکانی شتێك، لەو سۆنگەیەوە دانانی زاراوەی سێمانتیکی ئاماژە بەندی بەرانبەر بە( Reference semantic) پێواژۆیەکی زمانییە، تێیدا دوو زاراوە لێکدراوە کە ئەوانیش (سێمانتیك) و (ئاماژە بەندی)ن، هەرچی بەشی یەکەمی زاراوەکەیە(سێمانتیك) ئەوا لەبەشی یەکمی لێکۆڵینەوەکە روونکراوەتەوە و لە زمانەوانی کوردیشدا زۆری لەبارەوە وتراوە، بەشی دووەمی زاراوەکە(ئاماژەبەندی) لە دووبەش پێکهاتووە(ئاماژە) واتە هێما و ئەو هێما بەکارهاتووانە دەگرێتەوە وەك(ناو ، جێناو، دەربڕینە ناوییەکان...)کە لەڕێیانەوە شتەکانی کەتوار دەناسرێنەوە و لێکجیادەکرێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(مەحوی، محەمەد"2009: 150) (بەندی)یش بە واتای (گیراو ) دێت و لە زاراوەکەدا مەبەستی (گرتن یان کردن)دەگەیەنێت چونکە بە پێی هەندێ لە تیۆرییەکان واتای وشە لەبەکارهێنانیدایە،( لەبەرئەوە( بەندی ) کە مەبەستی گیراو دەگەیەنیت لە زاراوەی ئاماژە بەندیدا واتای (ئاماژە گرتنەوە ، ئاماژەکردن) دەگەیەنێت، بەمەش زاراوەی ئاماژە بەندی، ئەو شتانەدەگرێتەوە، کە لە ڕێی دەربڕینە زمانییەکانەوە لە کەتواردا ئاماژەی بۆ دەکرێت واتە (سەرچاوە)ی دەربڕینە زمانییەکان . وەك نموونەکانی( 1- ا-ب-پ)

نمونەی(1- ا- گوڵ

ب- نێرگز

پ- هێرۆ

لە نموونەکانی( 1- ا،ب،پ) دا ناوەکانی(گوڵ ، نێرگز، هێرۆ) ئاماژەن بۆ چەند رووەکێك کە لە کەتواردا خاوەنی بوونێکی فیزیکین، بەمەش ناوەکان(گوڵ ،نێرگز، هێرۆ) دەبن بە ئاماژە و وەك رووەکیش لە کەتواردا دەبن بە سەرچاوە .

### پاری دووەم- چەمك و پێناسەی سێمانتیکی ئاماژەبەندی

سێمانتیکی ئاماژەبەندی پەسنی پێوەندی زمان بە دەرەوەی زمان دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە، یەکێك لەبابەتە سەرەکییەکانی ئەم جۆرەی سێمانتیك سێمانتیك کردەقسەییەکانە( speech act) ، لەسێمانتیکی ئاماژەبەندیدا قسەکەر لەڕێی دەربڕینە ئاماژەییەکانی ناو جێناو...تد شتەکانی ژینگەکەی دەناسێتەوە و دەستنیشانیان دەکات، ((زمان کە رێگەیە بۆ لێکگەیشتن، پێکهاتووە لە وشە، وشەش بریتییە لە هێما بۆ ئەوشت و رووداوانەی کە لە دەرەوەی زمانن بەو پەیوەندیەی کە لە نێوان کەرەستە زمانییەکانی( وەك وشە و رستە) و شتی دەوروبەردا، کە کەرەسەکان هێمان بۆیان هەیە، دەوترێت ئاماژە. پەیوەندی نێوان وشەی سێی و رەنگی سپی پەیوەندیەکی ئاماژەیە))(سەعید،بێخاڵ عبداللە"1989: 69).

لە سێمانتیکی ئاماژەبەندیدا سایکۆلۆژیای تاك رۆڵی بەرچاوی دەبێت، بەوپێیەی کار لەسەر بەکارهێنانی دەربڕینە ئاماژەییەکان دەکات بەرانبەر بەشتەکان(مەحوی، محەمەد، 2009،: 150) . بابەتی سێمانتیکی ئاماژەبەندی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی پێش فەلسەفەی سوکرات و ئەفلاتوون، لەو سەردەمانەدا فەیلەسوفەکان لەوبڕوایەدابوون، کە بیر درك بە شتەکانی ژینگە دەکات، بەڵام ئەرستۆ دواتریش زانایانی لۆژیك دركیان بەبوونی پێوەندی بیر و زمان کرد بە شتەکانی ژینگەوە ،((ئەرستۆ زیاتر لە ئەفلاتوون ئاماژە بەلایەنی بەستنەوەی ئەزموونکردن بە جیهانی باڵاوەدەکات و پێیوایە، دەبێت زانیاریە ئاوەزییەکان لەڕێگای وێناکردنە و باوەڕکردنەوە چارەسەربکرێن، خودی ئەم چارەسەرکردنەوەش لەڕوانگەی (خود و بابەت)هوە دەکرێت، ئەرستۆ هەوڵییداوە خۆی دوورەپەرێزبگرێت لە لێکدانەوەی میتافیزیکی و پێیوابوو، ئەقڵی مرۆڤ بەسروشتی خۆی توانای درککردنی بەهای شتەکانی هەیە بەشێوەیەکی تەواو پراوپڕ ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت، کە بەهای شتەکان واتای گشتی شتەکانن خۆیانن،))(مەحمود"ئاڤێستا کەمال"2014: 10)ئەمەش دوای دامەزراندنی زانستی زمان بەتەواوەتی سەلمێنرا(تودورف و اخرون"2000: 14 ) بەوشێوەیە پەیوەندی بیر و زمان و شتەکان بەپێی تیۆریی ئاماژە لەشێوەی هێلکاری ژمارە(3-1)دا خرایەڕوو:

هێلکاری 3-1-




بۆچوونەکان هەمبەر سێگۆشەی واتای ریتچارد و ئۆدگن پەیوەست بە واتای وشە و شتەکان دووجۆرن:

1- گروپێك واتای وشە بەوە دادەنێن کە ئاماژەی بۆ دەکات، واتە وشەی گوڵ، ئەو مەدلولە دەگرێتەوە، کە لە کەتواردا هەیە . ئەم جۆرەی لێکدانەوە بە سادەترین هەژماردەکرێت، چونکە بەڵێ((پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان وشە وەك هێما، لەگەڵ شتەکانی دەرەوەی زمان(سەرچاوە)دا هەیە، کاتێك دەڵێین کورسی ئەمە شتێکی بەرجەستەیە ل جیهانی دەرەوەدا هەیە، بەڵام ئێمە بەهۆی بیرەوە هیمای بۆ دادەنێین، هەروەها لێرەدا دەکرێ بڵێین وشە دوو لایەنی هەیە، لە رووی واتا و بیرەوە، ئەو دوولایەنەش دەکرێ بەرانبەر بەرووکار و ناوەرۆك دابنرێن و بەمشێوە لە هاوکێشەیەکدا بخرێنەروو(عەلی، تالب حوسێن،2011: 31):



2- واتای وشە بریتییە لە پەیوەندی نێوان دەربڕین و ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمەش واتا هەنگاوێك لە شتەکانی کەتوار واتە سەرچاوەکە دووردەخاتەوە ، بۆ زیاتر بڕوانە (مەحمود ،2015: 87) .

سەربارى ئەوەی سێمانتیکی ئاماژەبەندی لەسەر بنەمای پەیوەندی زمان بە دیاردەکانی ژینگەوە بنیاتنراوە بەڵام شیکردنەوە لۆژیکییەکان پەیوەست بە سێمانتێك و سەرچاوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە بیر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەتوار(واقیع)هوە ناکات بەڵکو لەڕێی زمانەوە ئەو کردەیە ئەنجام دەدرێت،_((زمان بەبێ پەیوەندی ئاماژە ڕۆڵی خۆی نابینێت. ئەتوانین بڵێین زانستی واتاسازی گرنگی ئەدات بەو ڕێگەیەی کە زمان بە خیبرەی کەسییەوەئەبەستێت. بەم پێیە پەیوەندی ئاماژەیی ئەبێت بە کەرەسەیەکی ناوەڕۆکی لە واتاسازیدا. بە ناساندنێکی وردی ئەم پەیوەندییە چەند گیر و گرفتێکی فەلسەفی دێتە ڕێگامان لەوانە وەك:

2-ئەو چیایە بچوکە.

3 -ئەم مشکە گەورەیە.

لەنمونەکانی(2-3)دا ڕاستي قەوارەی هەریەك لە چیا و مشك لامان ڕوونە هەر لەبەر ئەمەش کە زمانەوانەکان زۆر قوڵ نابنەوە لە لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە پەیوەندییەدا لەسەرەتای پێناسەی ئاماژەدا گرنگی بۆ ئەم پەیوەندییەمان بۆ دەردەکەوێت, بەڵام ئەم گرنگیە نابێ وامان لێبکات, کە پەیوەندییەکی سەرەکیتری دابنێین. لە هەموو پەیوەندیەکانی تر, و دیسان بچینە ئەو باوەڕەوە کە هەموو یەکەکانی زمانێك ئاماژەی هەیە بە پێی پێناسەکەی ئاماژە کە بوون و ڕاستی بە یەکەوە ئەبەستێتەوە))(سەعید بێخال عبدالله"1989: 70).

ئەوەی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ فەیلەسووفان و زانایانی زمانی سەرقاڵکردووە، کێماسیی پەیوەندی نێوان واتا و سەرچاوەیە(ناولێنراو)، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(Lyons.John1980)( بالمر، فرانك،1985)(لیونز، جونز"واتە وشەکان و پەیوەندییان بە کەتوار(جیهانی دەرەوە) ئەو گرفتە بۆچوونی جیاوازی ێیناوەتە ئاراوە پەیوەست بە واتا و سەرچاوە، گرفتەکانیش زیاتر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبینرێت، ئایا واتا و سەرچاوە هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە؟( فەیلەسووفەکان لە کۆنەوە و تا ئێستاش بایەخیان بە خاڵە سەرەکییەکانی پەیوەست بە واتا داوە ئەویش پەیوەندی نێوان وشەکان و جیهانی دەرەوەیە، کە ناوی دەنێن ئاماژە( Reference )(خرما،1978: 401) . بەپێی بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکان سەرچاوە خاوەنی بوونێکی فیزیکییە، واتە لە کەتواردا بوونی هەیە((کاتێك ئەڵێن وشەیەك یان کەرەستەیەك واتای هەیە و ئاماژە بۆ شتێك ئەکات. مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو شتەی ئاماژەی بۆکراوە بوونی مادی هەیە و ڕاستییەکە هەر وەك چۆن ناو لە کەسی دیاریکراو و گیانلەبەر و شتی بینراو ئەنێین کە بوونی ڕاستیان هەیە, کەواتە تا ڕادەیەك چەمکی (ڕوونی مادی) دائەنێن بە بە بنچینەیەك بۆ پێناسینی واتای ئاماژە . بۆ فراوانکردنی قەوارەی بەکارهێنانی (بوون) و (ئاماژە) ئەتوانین بۆ نمونە (دێو, خێو) وەرگرین کە ئەتوانین بونێکی ئەفسانەی ئەندێشەیان بۆ دروست بکەین لە دەمێکی دیاری کراودا. بەم پێیە ئەتوانین بڵێین وشەکانی دێو و خێو خاوەنی ئاماژەن لە زماندا کاتێك کە لە کایەیەکی وەك ئەم باسە وا بەکاربهێنرێن، دیسان بە ڕێگەیەکی تر ئەتوانێن قەوارەی بەکارهێنانی بوون و ئاماژە فراوان بکەین ئەویش بە بەستنیانەوە بەو پێکهێنەرە دینامیکیانەی (النضریە) زانست، واتە ئەو زیندەوەرانەی کە بە چاو نابینرێن وەك ئەتۆم و جینەکان وە تەنانەت بۆ ئەو شتانەش کە بە تەواوی نابینرێن, لەبەر ئەوەی بوونی مادییان نییە.لەمبارەیەوەلێکدانەوەی زانستیی بۆ سەلماندنی بوون و سەرچاوە و پەیوەست بە بیر و زمانەوە دوو بۆچوون هەن:

یەکەم: زانینی شتەکان گەر خاوەنی بوون بن یان نا ، یان زانین لەڕێگەی ناوی شتەکانەوە واتە لەڕێی سەرچاوەکاننیانەوە لە کەتواردا، ((ئەمەش پێی دەگوترێت وێناکاریی بۆنموونە بڕوابوون بەپێشەکییەکی لۆژیکی خودی بوابوونە وەك:

4-بەفر سپییە

5-ئەمڕۆ 2012/12/12 پاشای عێراق بڕیاری دا هاوولاتییە بارمتەکراوەکان ڕزگاربکات

پەیوەست بە زمانەوە ئەم تێڕوانینە خۆی لە مەرجی ڕاستەقینەدا دەبینێتەوە، بۆنموونە (بەفر کاتیك سپی دەبێت ئەگەر تەنها بەفر ڕەنگی سپی بێت، هەروەها دەستەواژەی (پادشای عێراق ) کاتێك ڕاست دەبێت ئەگەر (عێراق لە ساڵی 2012 پادشای هەبێت) ئەگەر نا دەستەواژەکە هەڵە دەبێت، واتە پاش بڕوابوون بەو شتانەی لەبووندا هەن دەستەواژەکان لە زماندا ڕێکدەخرێن))(مەحمود"ئاڤێستا کەمال، 2014: 10) .

دووەم: گوومانکردن، زۆرجار بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان پێویستە گومان لەخودی ڕاستییەکان بکرێت، دیکارت یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی زۆر جەختی لە گومانکردن دەکردەوە((دیکارت واقیعێکی تری خستەڕوو دەربارەی بوون هەقیقەتی شتەکان، هەروەها دەربارەی زانیاری ئاوەزی، ئەو پێیوابوو گومان جۆرێکە لەبیرکردنەوە، هەربۆیە کۆجیتۆکەی دروشمەکەی بریتیبوو لە(من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم))(سەرچاوەی پێشوو:11)

مەرج نییە هەموو یەکە زمانییەکان خاوەنی ئاماژەیەك واتە سەرچاوەیەك بن لە کەتواردا بەڵام دەکرێت لەڕێی وێناکردنەوە دەکرێت بکرێت بەخاوەن سەرچاوە((لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاماژە بۆمان دەرئەخات هەندێ یەکەی (دانەی)زمانی هەیە کە پەیوەندی ئاماژەی نییە لەگەڵ هیچ شتێك لە دەرەوەی زماندا وەك: زیرەك, باش, هتد.. لەگەڵ ئەوەشدا کە زانایان دەروناسان فەیلەسوفان دەتوانن بە گریمانە بوون بۆ ئەم جۆرە وشانە دابنێن لە دەرەوەی زمان, لە چوارچێوەی بیردۆزەیەکی دیاری کراودا کە سەر بە زانستی دەروون یان زانستی ڕەوشت(اخلاق)بێت)). (سەعید. بێخاڵ عبدالله،1989: 70) دەکرێت لێکۆڵینەوە لە واتا و سەرچاوە بەپێی خشتەی(3-2) بێت .

خشتەی 3-2




سەرچاوەی خشتە(تودورف و اخرون،2000: 13 )

لێکۆڵینەوە لە ئاماژە مێژوویەکی کۆنی هەیە، وەك لەبەشی یەکەمدا باسکرا، بەڵام ئاماژەبەندی لە زانستی زمانی نوێدا پایەیەکی باڵا و بایەخێکی زۆر زیاتری پێدراوە، سۆسێر لەدیدگای پەیوەندی نێوان ناو و ناونراو(دال و مەدلول)هوە لێیدەکۆڵێتەوە، دواتر سیمۆلۆژیا وەك بنەمایەکی گرنگی زمانەوانی نوێ دەخاتەڕوو، سەرەتا وەك پەیوەندییەکی دووپەلکی ناوەکی واتە لە ئاوەزدا ئاماژەی بۆ دەکات و دواتر قۆناغی فیزیکیبوون و ناوزمانی و زمان- بەدەرەوەیی باس دەکات، بەمەش بۆ خستنەڕووی بابەتی سیمۆلۆژیا سۆسێر لە کردەناوەکییەکانەوە دەستپێدەکات و دواتر وابەستەی کەتوار(واقیع)ی دەکات((سۆسێر لەرێی خستنەڕووی پێوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراوەوە بیری سیمۆلۆژیا دەخاتەڕوو، بەلای ئەو زانایەوە سیمۆلۆژیا زۆر لەوە فراواترە تەنها باسی هێما و هێمابۆکراو (دال و مەدلول) بێت، هەڵبەت مەبەستی سۆسێر هێمای زمانییە و چۆن وابەستەی هێمای نازمانی وکەرەستە فیزیکیی و نافیزیکییەکانی ژینگە دەبن، سۆسێر دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە هەموو یەکەیەکی زمانی خاوەنی دوو قەوارەیە (کیان)ئەوانیش بیرۆکە و وێنەی دەنگین، لەبازنەی ئاخاوتندا ئەو دوو قەوارەیە لەمێشکی مرۆڤدا یەك دەگرن، واتە هەردوو قەوارەکە لەمێشکدان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە مەبەست لە وێنەی دەنگی قۆناغی فیزیکی دەنگ نییە، (سۆسیر، 1988 : 85). بەو شێوەیە ئەو وێنەدەنگییە هەستیی دەبێت نەك فیزیکی، بەڵگەی سۆسێر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە ئەوەیە، مرۆڤ زۆرجار لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و قسان دەکات، بەبێ پێویستی گۆڕینی ئەو دەنگانە بۆ قۆناغی فیزیکی، کە کردەی بیستنیش ڕۆڵی لە ئەنجامدانیدا دەبێت (مجد، 2013 : 58) ، هەرکردەیەکی زمانیش لە مێشکدا دەبێتە کردەیەکی سایکۆلۆژی و دەکەوێتە ژێر کاریگەی پرۆسە سایکۆلۆژییەکانەوە و هەوڵدەدات پێوەندی نێوان بیری مرۆڤ و زمانەکەی بدۆزێتەوە، بۆ نمونە کارلێکی ناووەوو پرۆسە نادیارەکانی ناوئاوەزی تاك، بۆ زیاتر بڕوانە (مەحمود،ئاڤێستاکەمال 2012 : 36 )..

بەبۆچوونی (فرێگە) سەرباری بوونی ئاماژە و سەرچاوە بەڵام یەکە زمانییەکان هەڵگری واتان، بۆگەیشتن بە واتاکان پێویست بە درکردن دەبێت ئەمەش یەکێکە لەو توانستە ئاوەزییانەی (سیمۆن دیك) جەختی لەسەر دەکاتەوە، واتە چۆنییەتی درککردنی تاك بە ئاماژە و سەرچاوەکان، بۆنموونە دەربڕاوەکانی(4)و(2/8) هەمان ئاماژەن، بەڵام واتای جیاوازیان هەیە، لەبەرئەوە پێویستییان بە درکپێکردنی جیاوازە بۆ گەیشتن بە هەمان ئاماژە کە ژمارە(4)ە . هەمان شت هەمبەر نمونەکانی(ئەستێرەی بەیان)و(ئەستێرەی ئێوارە) ئەو دوو دەربڕینە ئاماژەن بۆ یەك سەرچاوە لە کەتواردا بەڵام هەڵگری دوو واتای جیاوازن، لەبەرئەوە پێویست بە دوو شێوازی جیاواز دەبێت بۆ گەیشتن بە هەمان واتا کە ئەستێرەی(ڤینۆس)ە . سەرباری ئەوانە، فرێگە گریمانەی ئەوە دەکات، هەر وشەیەك زاراوەیەك لە دوای کردارەوە هات ئەوا گوزارشت لە هەڵوێستێکی دادگایی دەکات، وەك کردەکانی(وای بۆ دەچێت، دەزانێت، ئارەزوو دەکات...تد) کە گوزارشت بۆ مەبەستە باوەکانی خۆیان ناکەن کە بۆی بەکاردێن، بەڵکو ئاماژە بۆ واتای بنەرەتی خۆیان دەکەن، ئەمەش هۆکاری شکسهێنانی گۆڕینی مەبەست و شوناسی ئەو وشە و زاراوانەن، کە کرداریان بەدوادا دێت، لەراپۆرتە یاسایی و دادگاییەکاندا، واتە بنەمای پاراستنی ڕاستی کاتێك وشەیەك ، ناوێك بە وشە و ناوێکیتر دەگۆڕینەوە هەمان ئاماژە و سەرچاوەیان هەبێت، بەمپێیە ناوەکانی(مەولەوی)و(مەعدوم) کە لە ڕاستیدا ئاماژەن بۆ یەك سەرچاوە ئەویش مەولەوی (سەید عەبدولرەحیمی تاوەگۆزی) شاعیرن، دەکرێت مەبەستی جیاواز بگەیەنن، کاتێك لە ڕستەکانی(10-ا-ب )دا دێن .

ڕستەی10- ا- مەولەوی (عەقیدەی مەرضیە)ی نووسیوە .

ب- مەعدومی(عەقیدەی مەرضیە)ی نووسیوە .

لە ڕستەکان( 10-ا-ب)دا هەرچەندە هەردوو ناوی(مەولەوی و مەعدومی) ئاماژەن بۆ هەمان کەس و سەرچاوە بەڵام بەکارهێنانیان لە ڕستەکانی( 10- ا-ب)دا واتاکانیان دەگۆڕێت (فریجە"2016: 161)

بەلای زمانەوانانی درکپێکردنەوە، بە مەبەستی بەدیهاتنی تێگەیشتن پێویستە دەربڕاوەکان گریدراوی کەتوار بن، واتە پەیوەندییەك لە نێوان یەکە زمانییە بەکارهاتووەکان و کەتوار هەبێت، بەمەش کەتوار دەبێتە سەرچاوەی دەربڕینەکان، نەبوون یان نالۆژیکی بوونی کەتوار لە بەهای دەربڕینەکان کەمدەکاتەوە، یان لە هەندێ باردا هیچ بەهایەك بۆ وتنەکان ناهێڵێتەوە. بۆزیاتر بڕوانە(جهابخش"2024: 140) با بڕوانینە نموونەکانی( 11 –ا-ب)

نمونەی 11-ا- - هێرۆ لە خانەقین دەژی

ب- کتێبەکە لە ژێر سێبەری دارەکەدا پاڵی داوەتەوە

لە ڕستەی(11-ا )دا قسەکەر ئاماژە بەڕاستییەك دەکات لە کەتواردا، ئەویش بوونی کچێکە بە ناوی هێرۆ و بوونی شارێکە بە ناوی خانەقین، ئینجا ڕاستی ژیانی هێرۆ لە خانەقین هەموو ئەمانە ئاماژەن و دەبنە سەرچاوە بۆ ڕستەی( 11-ا )، کەچی لە ڕستەی( 11-ب )دا هەرچەندە ڕستەیەکی دروستە لەڕووی ڕێزمانەوە بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی سەرچاوەیەکی دروست نییە لە کەتواردا بۆیە بەهایەکی زمانی نابێت . لەمڕووەوە (کواین) پێیوایە پێویستە سەرچاوەی وتنەکان لە کەتواردا ڕوون بن و لێڵ و تەمومژاوی و نادیارنەبن، هەرچەندە هەندێجار ناڕوونیش لە سەرچاوەدا لەڕێی هێزی هەندێ کردارەوە(پێیوایە، لەوبڕوایەدایە...تد) دەبێتە هۆی بنیاتنانی فەزایەکی ئاوەزی دروست، کە بەپێی تیۆریی فەزائاوەزییەکان(فەزای بنەڕەتی و فەزای بنیاتنراو. وەك نموونەی(12 ) .

12-هێرۆ پێیوایە خانەقین گەورەترین شاری کوردستانە

بەبۆچوونی (کواین) ڕستەی( 12) هەرچەندە خاوەنی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نییە لە کەتواردا چونکە خاوەنی ڕاستیی نییە، بەڵام دەکرێت بوونی ڕاستی لەو ڕستەیەدا بگێڕێتەوە بۆ بوونی هێرۆ و بیرکردنەوەی هێرۆ، واتە کەتوارێك هەیە کە دەبێتە سەرچاوەی بنیاتنانی ئەو ڕستەیە ئەویش بیرکردنەوە و مەزەندەکردنی هێرۆیە بەوەی خانەقین گەورەترین شاری کوردستانە( سەرچاوەی پێشوو: 149) .(( کتێبەزمانەوانییەکان لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی ئاماژەیی زۆر قوڵ نابنەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکی فەلسەفییە زیاتر لەوەی زمانەوانی بێت. هەر وەك لە نموونەکانی(2-3-) ئەو چیایە بچووکە و ئەم مشکە گەورەیە لە ڕووی مەنتیقیەوە گەورە قەوارەیەکی فراوانتری هەیە لە بچووك بەڵام دانانی گەورە لای مشکەکەوە و بچووك لای چیاوە پێچەوانەکەی ئەگەیەنێت, کەواتە لە پەیوەندی ئاماژەیدا جێی مەنتیق نییە، هەروەك چۆن هیچ لێکدانەوەیەکی مەنتیقی نییە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد بۆ ناوانی کوڕ چونکە هەڵبژاردنێکی کاتییە و ناوانێکی لە خۆوەیە، ناوانی لە خۆوەش یەکێکە لە تایبەتمەندنیە سەرەکییەکانی زمان کە بە هۆیەوە جۆرە چالاکیەك بە دەست ئەهێنێت)) (سەعید"1989: 71)

## بەشی دووەم: سیما و تایبەتمەندییەکانی سێمانتیکی ئاماژەبەندی

پەیوەندی نێوان دەربڕینە ئاماژەییەکان و واتا و سەرچاوەکان بەشێوەیەکە، هەموو واژەیەك خاوەنی واتایەکە و هەموو واتایەك سەرچاوەیەکی هەیە، واتە یەك سەرچاوەی هەیە ، بەڵام دەکرێت سەرچاوەیەك چەند دەربڕینێکی هەبێت، هەروەها بەپێی تایبەتمەندی زمانان دەکرێت، واتایەك چەند دەربڕینێك یان یەکەیکی زمانی بەرانبەری هەبێت ، بەڵام ئەو تایبەتمەندییانە دۆخی بێژۆك و ناوازەی تێدایە .سێمانتیکی ئاماژەبەندی لەڕێی چەند تایبەتمەندییەکەوە ، کە سیمایەکی دیاری ئەوجۆرەی سێمانتیکن، هەوڵدەدات ئەو گرفتانە چارەسەربکات، بەتایبەتی گرفتی واتا و سەرچاوە :

یەکەم: ناوەکان، کە خاوەنی هێمایەکی زمانین و گۆدەکرێن، هەڵگری واتا و سەرچاوەشن، لەڕێی دەربڕینی هێما زمانییەکانیانەوە گوزارشت لە واتاکانیان دەکرێت و سەرچاوەکانیان دەستنیشان دەکرێت. سێمانتیکی ئاماژەبەندی هەمبەر خاڵی یەکەم وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، کە دەکرێت، بوترێت، ئایا دەربڕینەکە یان واژە و هێما زمانییەکان دەبنە نمایندەی سەرچاوە؟ یان هەموو یەکەیەکی زمانیی خاوەنی سەرچاوەیەکە؟ ئەوەی مەبەست بێت ئەوەیە، بۆ نموونە کە دەوترێت (مانگ) ئەوە گوزارشت لە مەزەنەکردن و وێناکردنێکی خۆمان ناکەین ومەبەستیش تەنها بە واتای ناوەکە نییە، بەلکو گریمانەی بوونی ناونراوێك دەکەین، کە ئەستێرەی(مانگ)ە و وەك سەرچاوەیەك دەستنیشانی دەکەین بۆ واتای ناوی(مانگ) نەك خودی ناوەکە، چونکە هێمازمانییەکان گەر (پیت یان ناو یان دەربڕین)بن، سەربارى ئەو ئاماژانە، گوزارشت لە ئاماژە بۆکراویکیش دەکەن، کە دەکرێت وەك سەرچاوە سەیر بکرێت،(فریگە، 2000: 189) وەك هێڵکاری 3-4-




سەرچاوەی هێڵکاری سێگۆشە(فریگە، 2000: 109)

گەر سەیری هێڵکاری( 3-4 ) بکەین کە سێگۆشەیەکە و گۆشەکانی (ا-ب-پ) بن، خاڵی یەکتربڕی(ا،ب)و(ب،پ) دەستنیشان بکەین، دەبینین هەمان خاڵی بەیەك گەیشتن، واتە سەرچاوەی بەیەکگەیشتن‌یان هەمان خاڵە بەڵام واتاکان جیاوازن، چونکە خاڵی بەیەکگەیشتنی(ا،ب) گوزارشت لە ڕاستەهێڵێك دەکات جیاوازە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی (ب،پ) کە گوزارشت لە ڕاستەهێڵێکی دی دەکات، هەر لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین ئەستێرەی بەیان و ئەستێرەی ئێواران هەمان سەرچاوەیان هەیە کە ئەستێرەی(ڤینۆس)ە بەڵام واتای ئەستێرەی بەیان جیاوازە لە واتای ئەستێرەی ئێواران. ئەمەش بەوەمان دەگەیەنێت کە دەکرێت واتای هێما زمانییەکان جیاوازبن بەڵام سەرچاوەکان یەکبن، ئەمەش یەکێکە لە گرفتە هەرە باوەکان کە سێمانتیکی ئاماژەبەندی لێیدەکۆڵێتەوە .

دووەم : سێمانتیکی ئاماژەبەندی جەخت لەسەر بوونی زانیاری فەرهەنگی لەسەر ناو و یەکە زمانییەکان لای بەکارهێنەردەکاتەوە، بەمەبەستی تێگەیشتن، چونکە ئەم جۆرەی سێمانتیك کار لەسەر یەکە زمانی و دەربڕاوەکان بەرانبەر بە ئاماژە بۆکراوەکان(سەرچاوەکان) دەکات لە کەتواردا، بەمەش وشەی(هەنجیر) کە لە چەند دەنگێك پێکدێت، ئەو دەنگانە پێکەوە ئاماژە بۆ میوەیەك دەکەن لە کەتواردا، کە هەڵگری چەند سیمایەکە وەك(شێوەی

قوچەکی، تام ، ڕەنگ، )، بەڵام بەمەبەستی تێگەیشتنی تەواو و نمایندەکردنی وشەی(هەنجیر) بۆ میوەکە پێویستە، میوەکە لە کەتواردا بوونی هەبێت و بەکارهێنەری زمان لەو دەربڕینی ئەو دەنگانە کە فۆرم ووشەی(هەنجیر) پێکدێنن تێبگات گەر نا ئەوا ناتوانێت ناولێنراوەکە بنوێنێت، بۆنموونە گەر فەرەنسییەك کوردی نەزانێت، ناتوانێت بە بیستنی وشەی (هەنجیر) ئاماژە بۆکراوێك لە کەتواردا وێنا بکات.(کرامش"2010: 33) .(( مەرج نییە ئاماژەی کەرەسەی فەرهەنگی تەواو و ورد بێت بەڕادەیەك وای لێبکات هەمیشە ڕوون و دیاری کراوبێت، هەروەك بۆمان دەرکەوت پێویست نییە لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا ئەم جۆرە وردی و ڕوونییە هەبێت, چونکە زۆرجار سنووری ئاماژەیی کەرەسە فەرهەنگییەکان ڕوون نییە، بۆ نموونە ناتوانین سنورێکی تەواو جیاکەرەوە دابنێین لە نێوان (چیا و گرد)(مریشك, جوجەڵە) و(سەوز و شین) دا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە چەمکی ئاماژە ناسەلمێنرێت لەسەر ئەم جۆرە وشانە، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە کە پۆلێنکردنی فەرهەنگی دیاری کراو ئەسەلمێنرێت بەسەر جیهاندا, بەڵام سنورێکی لە خۆوەی بۆ دائەنێت لە شوێنی جیا جیادا. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە سنوور دانانەش نابێتە هۆی سەرنەکەوتنی کاری پەیوەندی کردن( یان تێگەیشتنی هەڵە) چونکە هەروەك لە سەرەوە ڕوون بۆوە پۆلێنکردنی وورد بۆ شت و دانانی لەژێر پۆلێکی فەرهەنگی دیاری کراودا کارێکی گرنگ نییە هەمیشە و هەرکاتێکیش گرنگ بو ئەوا پەنا ئەبرێتە بەر ڕێگای تر بۆ پێناسین و دیاری کردنی, بۆ نموونە: ئەگەر ویستمان لەڕێی ئاماژەوە (ژن) لە (کچ) جیابکەینەوە ئەوا ئەتوانین پەنا بەرینە بەر ناو و تەمەن و ڕەنگی قژ و جل و بەرگ...... لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاماژەی (کچ) لەگەڵ (ژن) دا بەیەکدا ئەچنەوە. بە ئەو دوو وشەیە هاوواتا نین و لە ڕووی تەمەنەوە هەردووکیان دیاری کراون لە زۆر باردا هەر یەکێکیان ڕاستە. ئەم ناو وردیەی ئاماژە بەلای هەندێ لە فەیلەسوفەکانەوە کەم و کورتییە لە کاتێکدا کە هەر ئەم هۆیەیە زمانی والێکردووە کە ببێت بە چەکێکی کاریگەری پەیوەندی کردن (واتە بە شێوەیەکی سەرکەوتوتر هەستی بە کاری لەیەکتر گەیشتن* و لە هەمان کاتیشدا ووردی تەواو کارێکی یەکجار سەختە و هەرگیز نایگەیەنێ لەبەر بوونی ژمارەیەکی بێ پایان لە جیاوازی لە نێوان شتەکاندا.))(سەعید،1989: 72) .

سێیەم: بە بۆچوونی فرێگە واتای وتنەکان وابەستەن بە ڕاستی وتنەکان لە کەتواردا، ئەمەش سیمانتیکی ئاماژە بەندی جەختی لەسەر دەکاتەوە چونکە ئاماژە بە سەرچاوەدەکات، ئەو زانایە پەیوەندی ناو بە سەرچاوەوە پەیوەست بە پێشگریمانە دەخاتەروو(( مەرجێکی هەرە دیاری پێشگریمانەی لۆجیکی بەپێی بۆچوونی زانای جێرمانی (فرێگە) ڕاستی وتنەکانە لە جیهانی هەستپێکراودا ، چونکە فرێگە لەو بڕوایەدایە ، کە بەهای ڕستە لە ڕاستی ڕستەکاندا لە واقیعدا بەرجەستەدەبێت .تەنانەت لە دۆخی نەرێ کردنیشدا . بەم شێوەیە ڕستەی 22 لە نەرێکردنیشدا هەمان پێشگریمانەکانی لێهەڵدەهەنجێنرێت . وەك لە ڕستەی 23 دا دیارە:

22- ا- کە خانووەکۆنەکەمان نۆژەنکردەوە ، کەرەستەی بەهادارمان تێدا دۆزییەوە .

ب - << 1- ئێوە خانووتان هەیە .

<< 2- خانووەکەتان کۆنە .

<< 3- دەکرێت ، وەك شوێنەوار شیاوبێت .

23- ا- کە خانووەکۆنەکەمان نۆژەنکردەوە ، کەرەستەی بەهادارمان تێدا نەدۆزییەوە .

ب - << 1- ئێوە خانووتان هەیە .

<< 2- خانووەکەتان کۆنە .

<< 3- دەکرێت ، وەك شوێنەوار شیاوبێت

فرێگە لە بابەتی ڕاستی وتنەکان لە واقیعدا زیاتر جەخت لەسەر ناو دەکاتەوە ، ئەو زانایە پێی وایە (ناو ئەوکاتە واتاداردەبێت ، کە بگەڕێنرێتەوە بۆ واقیع ، چونکە بە گەڕانەوە بۆ واقیع ڕاستی مەسەلەکان دەردەکەون . وەك لە ڕستەکانی 191-192دا دەبینین ، کە بەهای ڕستەکان لە ڕاستی مەسەلەکاندایە لە واقیعدا ، بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کە ناویان تێدایە ، بەو پێیە:

ڕستەی 22 ≠ ڕستەی 23

بەڵام >> 22 = >> 23

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە واتای ڕستە و پێشگریمانەکانیان لە ڕاستی بوونی خانووەکە لە واقیعدا سەرچاوەیانگرتووە ، نەك لە دۆزینەوە یان نەدۆزینەوەی کەرەستەی بەهادار لەخانووەکەدا . فرێگە ئەم ڕاستییە بەبەڵگەی گرنگی ناو دادەنێت لە دروستکردنی پێشگریمانەدا ))(محمد"2012: 109) .

چوارەم: یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیمانتیکی ئاماژە بەندی پەیوەست بە هەڵوێستەوەیە، واتە کارکردن لەسەر ئەو هەڵوێستەی قسەکەری تێدایە و زۆرجار زمانی جەستە تێیدا چالاك و ڕۆڵی باڵا دەبینێت(( ئاماژە بەندیی مەوقیف- وابەستە situation dependent referenceکە بە جێناو و هەندێك دیارخەر دەربڕینی ئاماژە- نیشاندەرdeictic expressions و زمانی جەستە و سیما و دەموچاو دەردەبردرێن))(مەحوی"2009: 150) . زمانی جەستە دەکرێت لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی نازارەکی بنیات بنێت، لەهەمانکاتدا خودی هێما نازمانییەکانی جەستە دەکرێت وەك سەرچاوە لێیان بڕوانرێت، واتە جوڵە و بزاوتەکان نەك تەنها واتا و هێمای نازمانین بەڵکو لەهەمان کاتدا دەبنە سەرچاوەش بۆ واتاکان، وەك تووڕەبوون و پیکەنین و پشتگوێخستنی کەسێك....تد

پێنجەم: بەپێی بۆچوونی سێرل کردەی قسەپێ دەکرێت وابەستەی کەتواربێت واتە هاوتاکردنی گوتن و کەتوار وەك سەرچاوەیەك بۆ گوتنەکان((سیریل بەم جۆرە هاوتاکردنە دەڵێ: (جیاوازی ئاراستەی ڕیزکردنی وشە و شتەکان ))(بلانشیة" 2007: 64) . ئەم جۆرە ڕیزکردنە دوو شێواز بۆ خستنەڕووی کردەقسەییەکان دەگرێتەوە :

أ- ئەو کردەقسەییانەن ، کە مەبەستیانە بەتەواوەتی وێنەی واقیع بنوێنن . نموونەی ئەم جۆرە کردەقسەییانە هەواڵی ڕاگەیاندنەکانە، کە هەموو توانایەکیان دەخەنەگەڕ ، بە مەبەستی ئەوەی لەڕێی ئاخاوتنەکانیانەوە وێنەی واقیع پیشان بدەن ، یان ئاخاوتنەکانیان لەگەڵ واقیدا هاوتا و یەکسان بکەن . واتە سەرچاوەکەیان بەتەواوەتی کەتوار( واقیع) بێت .

ب- ئەو کردەقسەییانە دەگرێتەوە، کە دەیانەوێت واقیع هاوتای وتنەکان بکەن ، بەمەش کردەقسەییەکان وەك پێچەوانەی جۆری یەکەم دەردەکەون . نموونەی ئەم جۆرەکردانە (بەڵێن و پەیمان)ن .

سێریل بۆ ڕوونکردنەوەی هاوتاکردنی کردەی قسەیی لەگەڵ واقیعدا نموونەی دووکەس دەهێنێتەوە ، کە یەکەمیان لیستێکی بەناوی شتومەك پێیە ، و بەدواییاندا دەگەڕێ ، و کڕینیان دەکاتەوە ، کەسی دووەم بەشوێنییەوە دەڕوات ، بۆ ئەوەی بزانێ ، چی دەکڕێ ، تا لەلیستێکدا بیاننووسێت ، لەکۆتاییدا ئەگەر بەراوردی ئەو کەلوپەلانە بکەین ، کە لە لیستی کەسی یەکەمدا نووسراوە و لە سوپەرمارکێتەکەدا کڕیویەتی ، لەگەڵ لیستی کەسی دووەم کە تەنها شتەکانی بینیوە ، و لیستەکەی نەبینیوە ، دەبینین ، هەمان لیستن ، هەرچەندە کەسی یەکەم مامەڵەکەی لە زمانەوە بۆ واقیع بوو ، کەسی دووەم مامەڵەکەی لە واقیعەوە بۆ زمانە ، بەڵام ئەنجام هەر هەمان لیست بەدەستهات . ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت ، دەکرێت سەرچاوە کاریگەرییەکەی دوو سەری و دوو لایەنی بێت، واتە چۆن پەیوەندی وشە و دەربڕینەکان لەگەڵ سەرچاوەکان وەك کەتوار دروست بێت بەهەمان شێوە دەشکرێت پەیوەندی سەرچاوە لەگەڵ دەربڕینەکان واتە ببێتە سەرچاوەی دەربڕینەکان ، دروست بێت . ئەمەش بەها و ڕۆڵی سەرچاوە لە بنیاتنانی پەیوەندی نێوان وشە و دەربڕینەکان و بەپێچەوانەوە دەخاتەڕوو ، کە سیمانتیکی ئاماژە بەندی کاری لەسەردەکات . بۆزیاتر بڕوانە(مجد، 2012: 92) .

شەشەم: سێمانتیکی ئاماژەبەندی خۆی بە نیشانە پەیوەست بە ئاماژەوە خەریك دەكات، چونكە نیشانە هەمیشە ئاماژەیە بۆ شتێك لە كەتواردا، خستنەرووی پەیوەندی نێوان نیشان و ئاماژە پەیوەست بە شتەكانی كەتوار كاری سێمانتیكی ئاماژەبەندییە((لە سەرانسەری باسەكانماندا لەبارەی نیشانەوە، گریمانەكە ئەوەبوو، كە بەكارهێنانی وشە بۆ ئاماژەدان بە تاكەكان و شتەكان بابەتێكی تارادەیەك ڕوونە، بێشك خەڵك دەزانن كە وشەكان خۆیان لە خۆوە ئاماژە بە هیچ شتێك ناكەن، بەكارهێنانەكانیان بۆ ئاماژەدان بەشتێك بەكاریان دێنن، لەبەرئەو باشتر وایە ئاماژەدان بە كردەیەك دابنێین كە تێیدا قسەكەر یان نووسەر بەبەكارهێنانی فۆرمە زمانییەكان بارودۆخێكی وا بۆ گوێگر یان خوێنەر دەڕەخسێنێت كە بتوانێت دیاردەیەك بناسێت))(یول"201 36: 39) .

**فۆرمە زمانییەكان دەكرێت :**

ا-ناوی تایبەت بن وەك( نالی ، گۆران ، پیرەمێرد.....)

ب- جێناوبن( ئەمە ، ئەوە ، ئەوانە.......)

پ- كردەی قسەیی بن( ناونان ، بەڵێندان .....) لە پاری( ) زیاتر لەم بابەتانە كۆڵیوینەتەوە).

حەوتەم: سێمانتیكی ئاماژەبەندی تەنها لەو واتایانە ناكۆڵێتەوە كە خاوەنی سەرچاوەیەكن لە كەتواردا، بەڵكو ئەو سنوورە تێدەپەڕێنێت و لە بابەت و مەسەلەكانی پەیوەست بە بۆچوون و وێناكردنیش دەكۆڵێتەوە، وێناكردنیش یەكێكە لە ئاستەنگەكانی پێناسەكردنی واتا(عەلی، 1998: 26) چونكە یەكێك لەو گرفتانەی كە لەكۆن و نوێدا بەربەست بووە لە ڕێی پێناسەكردنی واتا و سەرچاوە و واتای و ناوەكاندا، (كلود جیرمان ... واتاسازی ،2006: 2 )چونكە دەكرێت ، واتای وشەكان ، شتەكان یان ناولێنراوەكان بگەیەنێت دیارە ئەوانەش سەرچاوەكانن ، ئەمەش دەتوانرێت بگشتێنرێت بەسەر هەموو ئەو سەرچاوانەی لە كەتواردا خاوەنی بوونێكی فیزیكین و هەن، واتە ئەو كەرەستانەی كە بوونی فیزیكی و مادییان هەیە. گرفتەكە لەوەدایە كە هەموو دیاردەكانی ژینگەی مرۆڤ خاوەنی بوونی فیزیكی نین واتە بەرجەستەیی نین، كەواتە چۆن دەبێت وشەیەك واتای شتێك سەرچاوەیەك بگەیەنێت، لەكاتێكدا كە شتەكە خاوەنی قەوارەیەكی فیزیكی نەبێت. وەك ناوە واتاییەكان وێناكردنی دیاردەكان، واتە وێناكردنی پەیوەندی نێوان هێمازمانییەكان و راستییەكانی ژینگەی مرۆڤ، كە ئەمە كارێكی ئاسان نابێت كاتێك ئەوە بزانین ، كە هەندێ بۆچون هەیە دەڵێت : ((ئەوەی كەدەبێ لەناولێنراو بگەین زۆر روون نییە چونكە لەهەندێ نێوەندا بەهاوواتای شت دادەنرێت و لەهەندێ شوێنی تر بەواتای مەزندە (وێناكردن) و بیر ، واتە بەكرۆكی زانستی دەروناسی یان لۆجیك دادەنرێت)(هەمان سەرچاوە ، ل4) . وەك ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم كێشە، سێمانتیكی ئاماژەبەندی پێشنیازی واتای (مەسەلەكان و سەرچاوەكانیان)دەكات بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(لودال" جیرار دو،(2004).

هەشتەم: سێمانتیكی ئاماژەبەندی بابەتی مەزنەكردن وەك سەرچاوەی مەسەلەكان ڕەتدەكاتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی مەزنەكردن مەرج نییە ڕاستییەكانی كەتوار بنوێنێت، وەك نموونەی ئەستێرەی ڤینۆس( بەیانی ، ئێوارە)، گەر كەسێك نەزانێت ئەستێرەی بەیان هەمان ئەستێرەی ئێوارانە ئەوا یەكێك لەسەرچاوەكان ڕاست نابن، ئەمەش بەوەمان دەگەیەنێت، كە یەكێك لەسەرچاوەكان بۆ مەسەلەكە ڕاستە و ئەوی دی ڕاست نییە، بەوەش گومان لەسەر سەرچاوەی مەسەلەكە دروست دەبێت، بەوپێیە سەرچاوە بوونی نابێت بەڵام واتای دەبێت، واتە دەكرێت بابەتێك ، مەسەلەیەك، واتاداربێت بەڵام سەرچاوەی نەبێت، بۆنموونە لە ناوە تایبەتەكان، دەیان و سەدان ناوی تایبەتی هەن و مەرج نییە هیچ سەرچاوەیەكیان هەبێت لە كەتواردا ، بۆنموونە لە ڕستەی(شێركۆ لە مەیداندا بە تەنها مایەوە) هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ بوونی سەرچاوەیەك بۆ ناوی شێركۆ، واتە خاوەنی سەرچاوەیەك نییە لە كەتواردا، بەوشێوەیەش تەواوی ڕستەكە گومانی بوونیان لە كەتواردا لەسەر دروست دەبێت . بۆچوونێكیدی هەیە سەبارەت بەو دۆخە پێیوایە، ئەگەر لەسەر بنەمای بڕیاردان لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ڕستەكە بێت، واتە شێركۆ لە لە ڕاستیدا بوووبێت یان نا ئەوا دەبێتە خاوەن سەرچاوە، چونكە ناوەڕۆكی مەسەلەكە واتە بابەتەكە، ئاماژە بۆ ناوێك دەكات كە ئەرێ بێت یان نەرێ خاوەنی بونێك دەبێت ، واتە لێرەوە ناو و سەرچاوە ئاوەژوو دەبنەوە و سەرچاوەكە لە ناوەكەوە فەراهەمدەبێت .(تودورف،2000: 116) .

پۆزەتیفیزمەكان هەمبەر مەسەلەكان و بەتایبەتیش مەسەلە لۆجیكییەكان بۆچوونی جیاوازیان هەیە(بەپێی بۆچونی پۆزەتیفیزم بەتایبەتی ڤتگنشتاین: هەموو وێنەیەك وێنەیەكی لۆجیكییە, ئەوەش كە جیهان دروست دەكات، وێنەیەكی لۆجیكییە، واتە هەر مەسەلەیەك لە لۆجیكدا وێناكردنی ڕوداوێكە یان شتێكە (پەیوەندیەكانی شتێكە), مەسەلەكانیش هەڵگری ئەو وێناكردنانەن، وێنا كردنەكان نوێنەرایەتی واتا دەكەن, دروستی و نادروستی وێنەش پەیوەندی بە واتاكەوە هەیە، كە ئەویش پەیوەندی بە دروستی وێنەكەوە هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، مرۆڤ بۆ ئەوەی لە وێناكردنی مەسەلەیەكی لۆجیكی(یاخود لە ڕستەیەكی زمانی بگات)،دەبێت سەرەتا بزانێت ئەو وێنەكردنەی لە بەرامبەر مەسەلەكە( ڕستەكە)دا دەوەستێت، دروستە یان نادروست، چونكە وێنەی (دروست) ی پێشوەختە بوونی نییە.(كەمال، دیار عەلی،2009: 42)، بەمەش وێنە لۆجیكییەكە وێنەی دروستی شتەكانە، هەر مەسەلەیەك ، بابەتێك ، ڕستەیەك، پێویستە نوێنەرایەتی ڕاستییەك شتێك بكات لە كەتواردا ئەمەش بەچەند هۆكارێك ئاستەنگی دروستدەبێت، لەوانە توانای وێنانەكردنی شتەكان لە كەتوار، نەبوونی فیزیكی هەندێ لە شتەكان لە كەتواردا ..تد .بۆزیاتر بڕوانە(Russell. 1958،)

ڕاستی و ناڕاستی بابەتەکان و سەرچاوەکانیان پەیوەستن بە دۆخێکی تایبەتەوە، واتە دووبارەبوونەوەی نییە(گەر مەسەلەیەك ڕاست و یەكێكیتر ناڕاست بن، ئەوا هەردوو مەسەلەکە ئەرێنی دەبن ، وەك ناوی تایبەت، لەو حاڵەتەدا دەکرێت، سەرچاوەکانیان ڕاست بن یان ناڕاست، چونکە دەکرێت پەیوەندی وێناکردن بەڕاستییەوە وەك واتا و سەرچاوە نەبێت، بەڵکو وەك پەیوەندی بار و بنەبێت.(تۆدۆرف،2000: 118)

بەگشتی ساغکردنەوەی پەیوەندی نێوان واتا و لۆجیك پەلكێشی بابەتگەلێکی زۆرمان دەکات(پەیوەندی نێوان واتاسازی و لۆجیك کۆنە و سروشتی واتا ئەم پەیوەندییەی خولقاندوە, چونکە لە بەرامبەر دەربڕینە زمانییەکاندا (وەرگر) هەڵدەستێت بە پرۆسەی بەرابەریکردنی ئەو زانیاریانەی لە دەربڕینەکانی (نێرەر)هوە بەدەستی دەهێنێت لەگەڵ زانیارییەکانی کەتوار (واقیع)ی دەرەوەی زماندا , تا دروستی و نادروستی دەربڕینەکانی نێرەر بزانێت, بابەتی ساغکردنەوەی دروستی و نادروستی کەوشەنەکانیش ( ڕستە و دەستەواژەکانی زمان), دروستکەری ئەم پەیوەندییەیە، کاتێکیش بۆچونێکی وەك پێشگریمانە لە واتاسازیدا دێتە ئاراوە، ڕووبەرووی گرفتێکی لەم جۆرە دەبێتەوە کە دەبێت دروستی و نادروستی مەسەلەکان (ڕستەکان) بدا بەدەستەوە و ساغی بکاتەوە )(کەمال، دیار عەلی"2009: 41 ) .

نۆیەم: هەر پەیوەست بە سەرچاوەی ڕستە فرێگە پێی وایە مەرجی ڕاستی هەندێ لە دەربڕینەکان نابێتە سەرچاوە ، بۆنموونە کە دەوترێت(وادیارە) لەڕاستیدا ئەو دەربڕینە هیچ ئاماژەیەکی ڕاستی و سەرچاوەیەکی ڕاستی لە کتواردا نییە، بەڵکو دەربڕینەکە واتایەکیتری یان زیاتریش دەگەیەنێت بێبوونی هیچ سەرچاوەیەك لە کەتواردا وەك(من وای دەبینم، بەلای منەوە وایە)(تۆدۆرف...،2000: 122) . ئەم بۆچوونەی فرێگە پێمان دەڵێت مەرج نییە وتنەکان خاوەنی سەرچاوەیەك بن لە کەتواردا، هەرچەندە هەڵگری واتا و ناوەرۆکیش بن. لەڕاستیدا ئەمە سێمانتیکی ئاماژەبەندی دووچاری گرفتێك دەکاتەوە، کە چارەسەرکردنی سانا نەبێت، چونکە بەپێی ئەو جۆرەی سێمانتیك وشە و واتاکان خاوەنی سەرچاوەیەکن لە کەتواردا. گەرئەمە ڕاست بێت ئەو جۆرە دەربڕینانە چۆن چارەسەر دەکرێن؟ فرێگە چارەسەری ئەو مەسەلەیە بەوە دەکات، کە دەکرێت دەربڕینەکان خاوەنی سەرچاوەیەکی ناڕاستەوخۆبن، واتە ڕاستەوخۆ وتنەکان گوزارشت لە دیاردەیەك تەنێك لە کەتواردا نەکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرچاوەکەی دەستنیشان بکرێت، بۆنموونە دڵنیابوون و مەزندەکردن دەکرێت سەرچاوەکانیان هەستکردن بێت یان دڵنیابوون لەمەسەلەیەکی تربێت بۆ سەلماندنی گریمانەکەی ئەو نموونەیە دەهێنێتەوە: کریستۆفەر کۆلۆمب گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە زەوی خڕە، ئەمەش کاتێك بۆیدەرکەوت، کە بە ئاراستەی ڕۆژئاوادا دەڕۆیشت و گەیشتە هند) لەو نمونەیەدا دوو مەزندەکردن دەبن بە سەرچاوە:

1- مەزندەکردنی خڕبونی زەوی

2- مەزندەکردنی ڕۆیشتنی کریستۆفەر بە ئاراستەی ڕۆژئاوادا و گەیشتنی بە هند

لەو دوو مەزندەکردنەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە مەزندەی یەکەم دەبێت بنیاتنەری مەزندەی دووەم بێت، ئەوەش ڕاستی خڕبوونی زەوی دەسەلمێنێت. لەبەرئەوەی زەوی خڕە کۆلۆمبس دەتوانێت بەئاراستەی ڕۆژئاواشدا بگاتە هند.(سەرچاوەی پێشوو:122) .

نۆیەم: پێوەرێکی دیاری سێمانتیکی ئاماژەبەندی هەمبەر بە وشە کە پێشتریش لە ڕوانگەی لۆجیکەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە واتایە، لۆجیکستەکان دووبۆچوون سەبارەت بە واتا دەخەنەڕوو:

بۆچونی یەکەم:

واتا ئەو ئاماژەیە کە وشەکە هەیەتی و هەر بێژەیەك لە ڕێگەی ئەو ئاماژەیەوە واتادار دەبێ کە وشە کۆکراوەکە (بێژە)کە, بۆی دەگەڕێتەوە .

بۆچونی دووەم:

واتا بریتیە لەو پەیوەندییەی کە وشە لەگەڵ دروستیدا هەیەتی, یاخود ئەو پەیوەندییە کە وشە بەدروستییەوە دەبەستێتەوە.( بیارغیرو1986:32).

لێکدانەوەی دوو بۆچونەکە:

بێگومان، واتا تەنها بریتی نییە لە ئاماژە، ئەو بۆچونەی واتا تەنها بە( ئاماژە)وە دەبەستێتەوە بۆچونێکی سەرکەوتوو نییە، چونکە ڕەنگە سەرەتایترین پرسیار کە ڕوبەڕوی ئەم بۆچونە ببێتەوە، ئەوەبێ کە ئایا هەموو وشهکان واتادارەکان, ئاماژە بە (شت)ێك دەکەن؟ وەڵامی (نەخێر)ی ئەم پرسیارە ڕەنگە یەکەمجار کەوتنی واتای ئامرازەکان بێنێتە ئاراوە و ئەمەش کەموکوڕییەکی زۆر لە بۆچونەکەدا دروست دەکا. هەروەها مەرج نییە، هەمیشە ئاماژە واتای وشە دیاری بکا و زۆر جار وا ڕێك دەکەوێ دوو دەربڕین یان زیاتر یەك واتایان نییە، بەڵام یەك ئاماژەیان هەیە, بۆ نمونە:

(24) سەرۆکی هەرێمی کوردستان

(25) جێگری سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

وەك دەردەکەوێ, ڕستەکانی(24-25) خاوەنی یەك ئاماژەن، بەڵام هاواتا نین و یەك واتایان نییە. بۆیە لێرەدا دەبینرێ, بۆچونی ناساندنی واتا بەپێی ئاماژە دەکەوێتە بەر ڕەخنە و ڕوبەڕوی کەموکوڕی دەبێتەوە.

دەیەم: ئاشکرایە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان وشەکان و شتەکاندا نییە، واتە واتا و سەرچاوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لە نێواندا نییە، بەتایبەتی لە ناو و وشە سادەکاندا، لەبەرئەوە سێمانتیکی ئاماژەبەندی کار لەسەر بنەمای هەڵێنجاندن دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان واتا و سەرچاوە ، ئەوەی لە بابەتی هەڵێنجاندنی واتادا ڕۆڵی زیاتر دەردەکەوێت گوێگرە(ئەرکی گوێگرە بە دروستی هەڵیهێنجێنێ کە قسەکەر بەبەکارهێنانی دەستەواژەیەکی ئاماژەیی تایبەت دەیەوێ کامە شت بناسێنێت))( یۆل"2016: 40)، لەمحاڵەتەدا هەندێجار تەنانەت بەبێناوهێنان یان بەکارهێنانی هێمازمانییە ڕاست و دروستەکانی شتەکان واتە بە نادیاری دەربڕین لەئەنجامی زانیاری پێشینەی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر دەکرێت، ئاماژەبۆکراو (سەرچاوە)کە بناسرێتەوە. وەك جێناوە نادیارەکانی(کابرا، هێن .ئەوەی.....) بۆنمونە لەڕستەی 26

26- کابرام بینی زۆر پەشۆکابوو

لە (26)دا گوێگر بە پشتبەستن بە زانیاری هاوبەشی لەگەڵ قسەکەردا لە مەبەستی قسەکەر دەگات و دەزانێت جێناوی نادیاری(کابرا) ئاماژە بۆ کێ دەکات و مەبەستی قسەکەر چ کەسێکە.

## ئەنجامەکان:

1- پەیوەندی نێوان واتا و سەرچاوە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەیە لە سێمانتیکی ئاماژە بەندیدا، ئەو بابەتەش واتە پەیوەندی نێوان واتا و سەرچاوە بابەتێکی کۆن و نوێیە، ، هەمیشە و لە هەموو سەردەمەکاندا پەیوەندی نێوان ناو و ناونراو بابەتی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بووە لەسەردەمی گریکییەکانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە .

2- واتا و سەرچاوە بابەتێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاون، وشەکان لە هەندێ باردا دەتوانن شتەکان واتە سەرچاوەکان بنوێنن، بەڵام ئەمە بەوشێوە ڕەهایە نییە، هەندی دۆخ و حاڵەتی سێمانتیکی هەن وشەکان سەرچاوەیەك زیاتریان دەبێت یان دوو دەربڕین هەمان سەرچاوەیان دەبێت .

3- هێما و نیشانە و ئاماژە ، سێ لایەنی گرنگ و بنەرەتین لە سێمانتیکی ئاماژە بەندیدا، کە کار لەسەر پەیوەندی واتا و سەرچاوە دەکەن، نیشانە هەمیشە ئاماژە بە سەرچاوە دەکات، بۆچوونەکان زیاتر جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کە نیشانە تەواوی لایەکانی ژیان دەگرێتەوە(کەس ، کات، کۆمەڵایەتییەکان)، نیشانە لەرِێی یەکە زمانییەکان و بەکارهێنانیانەوە دەتوانێت ئاماژە بە دیاردەیەك، شتێك لە ژینگەدا بکات، کە دەبنە سەرچاوە و بابەتێکی پڕ بەهای سێمانتیکی ئاماژەبەندی پێکدەهێنێت .

4- سنووری سێمانتیکی ئاماژەبەندی کۆت و بەند ناکرێت، واتە مەرج نییە سێمانتیکی ئاماژەبەندی تەنها لە واتا و سەرچاوە بکۆڵێتەوە ،بەڵکو ئەو بابەتە تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناو ئەو بابەتانەی گرفتن لە سێمانتیکدا بۆ نموونە وێناکردن و بۆچوونەکان هەمبەر بە دیاردەکان .

## سەرچاوەکان:


1. جەهابەخش، کەژاڵ(2024)ئاوەزمەندی و درکپیکردنی سێمانتیکی دەربڕاوە ژەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی گەرمیان .
2. جێرمان، کلۆد، لبلان ڕیمۆ(2006) واتاسازی، وەرگێڕانی، د. یوسف شەریف، هەولێر
3. خرما، نایف(1978)چەند تیشکێك بۆسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، وەرگێڕ، د. شەهاب شێخ طیب، کرکوك .
4. عەلی،تالب حسێن(1998) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .
5. عەلی، تالب حوسێن(2011)واتاسازی(چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، هەولێر.
6. فۆکۆ، مێشێل(2016) وشەکان و شتەکان، و. ئارام ئەمین شوانی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی.
7. سەعید، بێخال عبدالله(1989) واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
8. کانگ، ئەلیزابێز(2020) زمانی جەستە هێزێك بۆ زیاترکردنی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕ، شەپۆل مامەش، ناوەندی وارڤان، سلێمانی .
9. کەمال، دیار عەلی(2009)گوتاری سایسی کوردی لەڕوانگەی پێشگریمانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین
10. مەحمود، ئازاد ئەحمەد(2015) بنەما و تەوەرەکانی واتاسازی نوێ، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر .
11. مەحمود ، ئاڤێستا کەمال(2014) ئاوەزداری درككردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی، ژ(45) بەشی B .
12. محەمەد،دارا حەمید(2023) بنیات و واتا لە زمانی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.
13. یوڵ،جۆرج(2016) مەبەستناسی"پراگماتیك" و. د. ڕەحیم سورخی، سلێمانی .
14. ایکو، امبرتو(2007) العلامه تحليل النفهوم و تاريخه"ترجمه سعيد بنكراد، المركز الثقافى العربى، امارات .
15. بلانشية, فيليب(2007)التداولية من اوستن الى غوفمان، ترجمة, صابر الحباشة، دار الحوار للنشر، سوريا .
16. تودورف و اخرون(2000) الدلالة و المرجع في الفكر اللساني الحديث، ترجمة عبدالقادر قنيني, المغرب .
17. ف. بالمر(1985) علم الدلالة، ترجمة عبدالمجيد الماشطة، بغداد .
18. لودال" جيرار دو،(2004) السيمائيات او نظرية العلامات، ترجمة, عبدالرحمن بو علي، دار الحوار, سورية .
19. .كرامش،كلير(2010) اللغه و الثقافة، ترجمة، عبدالودود العمراني, وزارة الثقافة و الفنون و التراث , قطر .
20. Austin.J.L,1962,How todo things with Words. Clarenndon Press. Oxford
21. London ،The philosophy of logical atomism and knowledge،1958 ،Russell
22. Lyons.John1980.Semantics.2Vols,London and New York,Cambridge University.press.



## Abstract

The relationship between meaning and source, or meaning and its link to objects, is the subject of referent semantics. The problem of reference, source and the relationship between them is due to Greek philosophy, since the particular ideas of Plato and Aristotle are still being worked out today .A variety of frequently at odds opinions and interpretations have emerged as proof of the utterance of some linguists of the source. Particularly, they can be heard in ambient noises like thunder ,shouting, and coughing. If words originate from natural processes and objects , then another issue presents itself. Why do names vary throughout languages even though the sources are the same? By outlining the ideas and traits of semantics, this study attempted to address and resolve these concerns.


**Keywords**: source, context, and semantics of reference